
دکتۆر عزت اللەی عزەتی

کوردستان

لە لێکۆڵینەوەیەکی جیۆپۆلەتیکی

ئێران و عێراقدا



وەرگێڕانی لەفارسیەوە:
هاوڕێ یاسین محەمەدئەمین

پیاچونەوەی:
د. جەزا تۆفیق تالیب

Preview sample - page 1 of 13 - Soran University Academic Digital Library

٢٤٤ ع
٢٠٠
٢٤٤ ع

زانکۆی سۆران
کتێبخانەی گشتی
بەش:
رێکەوتی تۆمارکردن: / / ٢٠
ژمارەی تۆماری کتێب
٢٢٤٦١

کوردستان
لەلێکۆڵینەوەیەکی جیۆپۆلەتیکی ئێران و عێراقدا

Preview sample - page 2 of 13 - Soran University Academic Digital Library

فهرست

پێشەکی وەرگێر ٧

پێشەکی نوسەر ٨

بەشی یەکەم

لێکۆلینەوە لە پێگەی ئێران و عێراق لەستراتیجی ناوخۆیی و ناوچەییدا

عێراق لە قۆناغی جەنگی ساردا ١٧

جوگرافیای عێراق ٢٠

بارودۆخی نابووری عێراق ٣٥

بارودۆخی عێراق لە سەردەمی جەنگی ساردا ٤٣

توێژینەوە لەرۆڵی جیوپۆلەتیکی عێراق لەسیاسەتی دەرەوەی نەو وڵاتەدا ٤٨

لێکۆڵینەوەی جیوپۆلەتیکی لەوڵاتانی دراوسێی عێراق ٥١

لێکۆڵینەوە لەهەڵکەوتەی عێراق لەستراتیجیە ناوخۆییەکاندا ٦٣

بەشی دووەم

شوێنی ئێران لەستراتیجی جیهانیدا

شوێنی ئێران لەستراتیجی نەمەریکادا لە قۆناغی جەنگی ساردا ٨٧

جەنگی عێراق ئێران (جەنگی کەنداوی یەکەم) و رۆڵی نەمەریکا ١٠٣

هەڵکەوتەی عێراق لەپێگەی ستراتیجی ناوچەکەدا لەدوای جەنگی سارد ١١٨

ناوچەی کەنداوی فارسی و شوێنی ستراتیجی عێراق ١٢٥

ناسایشی کەنداو لەدیدی وڵاتە یەکگرتووەکانی نەمەریکاوە ١٣١

ناسایشی کەنداو لەدیدی عێراقەوە ١٣٢

ناسایشی کەنداو لەدیدی ئێرانەوە ١٣٣

ناسایشی کەنداو لەدیدی نەخوەمەنی هاریکاری کەنداوەوە ١٣٤

گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەماوەی جەنگی سارد و رۆڵی لەدیاریکردنی ستراتیجی جیهانیدا ... ١٣٧

ستراتیجی وڵاتە یەکگرتووەکانی نەمەریکا لەجەنگی عێراق ئێراندا ١٤٤

داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە ١٤٩

جەنگی دووەمی کەنداو (جەنگی نەوت) ١٥٩

نەنجامە ستراتیجیەکانی هێرشی نەمەریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق ١٧٠

ستراتیجی سیاسەتی جڵەوگیری دوولایەنە ١٧٧

Preview sample - page 3 of 13 - Soran University Academic Digital Library

بەشی سێیەم

لێکۆڵینەوە لە پێگەی ئێران و عێراق لەستراتیجی ئەمەریکادا

سیاسەتی جڵەوگیری دوولایەنەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر ئێران و عێراقدا ١٨٣

سیاسەتی ئەمریکا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران و عێراق ٢٠١

شۆڕشی ستراتیجی ئەمریکا لەناوچەی کەنداو لەئێستادا ٢٠٦

سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر ڕوخاندنی سەدام ٢٢٣

سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراقدا ٢٣٦

بەشی چوارەم

هاوکارییەکانی ئێران و عێراق

نەو فاکتەرانەی کاریگەریان لەپێکهاتەی جیۆپۆلەتیکی عێراقدا هەیە ٢٤١

مەسەلەی کورد لەعێراق ٢٥٠

جیۆپۆلەتیکی شیعەکان ٢٦٦

کوردستانی ئێران ٢٦٨

کۆدە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئێران دەربارەی عێراق ٢٧٩

ناسۆی ستراتیجی هاریکاری نێوان عێراق و تورکیا ٢٩٠

ناسۆی ستراتیجی هاریکاری نێوان عێراق و سوریا ٢٩٢

ناسۆی ستراتیجی هاریکاری نێوان عێراق و عەرەبستانی سعودی ٢٩٣

ناسۆی ستراتیجی هاریکاری نێوان عێراق و ئێران ٢٩٥

هاریکارییەکانی ئێران و عێراق لەبوارەکانی ٢٩٧

بەشی پێنجەم

لێکۆڵینەوە لەڕەگوڕیشەی دروستبوونی قەیران

بەمەبەستی گەیشتن بەمۆدێلێکی ستراتیجی

لێکۆڵینەوە لەڕەگوڕیشەی قەیرانە سیاسییەکان ٣١١

جەمسەرەکانی دەرکەوتنی ناسایشی نەتەوەدا ٣٢٠

لێکۆڵینەوەی ناوچە ستوریەکانی نێوان ئێران و عێراق بەمەبەستی گەیشتن بەوناوچانەی کە لەبارترین بارودۆخیان هەیە ٣٢٤

Preview sample - page 4 of 13 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی وەرگێڕ

هەرچەندە لەم ساڵانەی دوایدا چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بەجیۆپۆلەتیک نوسراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام لێکۆڵینەوەیەک بەجۆرە و بەم ووردەکارەیە سەبارەت بەوڵاتانی نێران و عێراق و پەیوەست بەکوردستانەوە زۆر دەگمەنە. نەمرۆ جیۆپۆلەتیک لەناڵۆزترین و جەنجاڵترین بابەتەکانە کەسیاسیەکان و توێژەران و چاودێرانی سیاسی سەرقاڵ کردووە و لەجیهان و ناوچەکەش چەندین سەنتەر و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەجوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیک دامەزراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرجەم بوارەکانی نەم زانستە بەپێی قۆناغەکان، لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا جیۆپۆلەتیک هەڵی نەوەی بۆ ڕەخسا کە چڕبکات و پەرەبسێنێت ڕۆڵی شۆڕش و فاکتەرە جوگرافیەکان لەناراستەکردن و جڵەوکردنی جەنگەکاندا ببینێت بەتایبەتی لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و جەنگی ساردا، لەپاش نەمانی جەنگی ساردیش لەنێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و پەیدانی وارشۆ گەشەی نەم زانستە وەک لقێک لەزانستی جوگرافیای سیاسی هەر بەردەوامە.

نەم کتێبە یەکێکە لەکتێبە گرنگ و بەناوبانگەکانی دکتۆر عزت الله عزتی کەبەدەگمەن توێژینەوەیەکی زانستی و گرنگی وا لەکتێبخانەکاندا بەرچاودەکەوێت کە لەبارەی جیۆپۆلەتیکی دوو وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەبریتیە لە نێران و عێراق کرابێت، گرنگی نەم کتێبە لەوەدایە کەتوێژەر نەم لێکۆڵینەوەیەی زۆر بەشێوەی وورد و نەکادیمی نوسیوە و نەمکارەی بۆ دەفتری زانیاری سیاسی و نێودەوڵەتی سەر بەوەزارەتی کاروباری دەرەوە کردووە و لەگەڵ نەوەی نوسەر خۆی نێرانیە بەڵام دەتوانین بڵێین زۆر بێلایەنانە و زانستیانە نەم توێژینەوەیەی نەنجام داوە و بەوردی نامانەوێ بۆ سەرجەم کێشە و کەلێنە جیۆپۆلەتیکیەکانی نێران و عێراق کردووە، کەبەدرێژایی مێژوو بووەتە سەرچاوەی ناکۆکی و ملمانێ لەنێوان نەم دووڵاتانەدا و بەشێوەی جۆراوجۆ بەپێی سەردەمە مێژووییەکان.

نوسەر لەنوسینی نەم کتێبەدا زیاتر لە (٢٦) سەرچاوەی دەگمەنی ئینگلیزی و (٧٦) سەرچاوەی فارسی بەکارهێناوە و لێکۆڵینەوەکەی دابەشکردووە بۆ پێشەکی و پێنج بەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم لێکۆڵینەوە لەپێگەی نێران و عێراق لەستراتیجی ناوخۆیی و ناوچەییدا، کەزۆر بەوردی و شارەزایی نامانەوێ بۆ پێگەی ستراتیجی هەردوو وڵات کردووە و خاڵە لاوەزەکانی لەڕووی ستراتیجیەوە خستۆتەڕوو. بەشی دووەمی تەرخانکردووە بۆ شۆڕشی نێران لەستراتیجی جیهانیدا بەپێی قۆناغەکانی مێژوو چڕکردنەوەی بابەتەکە بەدرێژایی مێژووی سەدەی بیستەم. لەبەشی سێیەمدا

Preview sample - page 5 of 13 - Soran University Academic Digital Library

ناماژەیەکی وورد بۆ لێکۆڵینەوە لەپێگەی نێران و عێراق لەستراتیجی نەمەریکادا بەتایبەتی لەماوەی جەنگی سارد و دوای نەمانی جەنگەکەش دەکات. لەبەشی چوارەمدا باس لەوەنگاوانە دەکات بۆ ناسایی کردنەوەی گرژیەکانی نێوان هەردوو وڵات و دروستکردنی هاوکاری لەنێوانیاندا تادەگات بەوناستەی بتوانرێت نێران و عێراق وەك یەك وڵات لەناوچەکە کاربکەن. بەشی پێنجەم تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەرەگوریشەی دروستبوونی قەیرانەکان بەمەبەستی گەیشتن بەمۆدێلێکی ستراتیجی لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا تابتوانرێت هەنگاوەکانی لێکنزیکبوونەوە ئەنجامبدرێت.

نوسەر لەم کتێبەدا هەندێك هەڵەی نەکادیی و جوگرافی کەمی کردووە، من هەوڵمداوە بەپێی پێویست هەڵەکان لەپەراوێزدا ڕاستبکەمەوە بەپێنەوەی دەستکاری دەقی نوسینەکە بکەم، هەروەها دەشێت لەڕووی زانستیەوە ڕەخنەم لەهەندێك لەمۆچونەکانی نوسەر هەبێت بەڵام ئەو ڕەخنانە هیچ لەبەهای لێکۆڵینەوەکە کەمنکاتەوە چونکە بەدەگمەن کەسێك دەدۆزێتەوە بەم شێوە زانستی و بێلایەنیە لەبارەی جێۆپۆلەتیکی نێران و عێراقەوە بنوسێت، شتێکیتر کەگرنگە لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە ئەم کتێبە کە بەزمانی فارسی نوسراوە لەژێر ناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەك لەجێۆپۆلەتیکی نێران و عێراق)، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگیەکی زۆری داوە بەکورد و کوردستان و لەناو کۆدە جێۆپۆلەتیکیەکاندا جەخت لەکوردستان دەکاتەوە و زۆربەی کەلێنە جێۆپۆلەتیکیەکانی بەستۆتەوە بەناوچە کوردستانیەکانی هەردوو وڵاتەوە زۆربەی باسەکەی چ لەڕووی جوگرافی و چ لەڕووی میژوویەوە تەرخانکردووە بۆ کوردستان و زۆربەی کێشە جێۆپۆلەتیکیەکانی نێرانی هەردوو وڵاتی بەستۆتەوە بەکوردستانەوە، بۆیە من لەدانانی ناونیشانی کتێبەکەدا ووشەی کوردستانم بۆ زیادکردووە بەمجۆرەی خوارەوە (کوردستان لەلێکۆڵینەوەیەکی جێۆپۆلەتیکی نێران و عێراقدا)، بۆیە لەوبارەیەوە داوای لێبوردن لەنوسەردەکەم.

لەکۆتایدا هیوادارم بەم وەرگێرانە بتوانم بەشێك لەقەرکی سەرشانی خۆم بەرامبەر بەنەتەوەکەم و خوێنەرانی بواری جوگرافیا و جێۆپۆلەتیك و سیاسەت و ڕۆشنبیران جێبەجێکردبێت و بێگومان وەرگێرانیش بێکەموکورتی نییە و هیوادارم جێگای ڕەزامەندی خوێنەرانی نازیز بێت.

وەرگێر

هاوڕێ یاسین محەمەمین

٢٠١٢/٧/١٠

Preview sample - page 6 of 13 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی نوسەر

دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و کۆتایی جەنگی سارد و نەمانی یەیانی وارشۆ، گۆڕانکاری گەورە لە جوگرافیای سیاسی و شوێنی جیۆپۆلەتیکی جیهاندا ڕوویداوە. گۆڕانکاریەکان و پێشهاتەکانی ناوچەکانی دەوروبەر و نزیکی سنووری نێران بە بەراورد بە زۆربەی ناوچەکانیتری جیهان گەورەتر و نالۆزتر بووە. نەگەرچی هاوکات لەگەڵ شۆڕشی نیسلامی نێران، دوو گۆڕانکاری سەرەکی لە دەوروبەری نەم وڵاتە واتە نێران ڕوویدا، هەرچەندە نەم دوو ڕووداوە دوای کۆتایهاتنی جەنگی ساردیش هەر بەردەوامبوو و بارودۆخەکەش خراپتر بوو. لەوانەش داگیرکردنی وڵاتی نەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە لە سالی (١٩٨٠)، لە دوای ڕوودانی شۆڕشی نیسلامی لەنێران، هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر نێران لە (نەیلولی ١٩٨٠) بەردەوامبوونی شەڕ بۆ ماوەی هەشت سال تا لەسالی (١٩٨٨) کۆتایی هات و دوابەدوای نەوە هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت لەسالی (١٩٩٠) دەستی پێکرد. نەمانە گۆڕانکاری زۆر بەرچاو بوون کە لەوڵاتانی هاوسنوری نێران ڕوویاندا. هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و سەربەخۆبونی کۆمارەکانی، وڵاتی نێرانی بەرەو مەیدانێکی نوێ بردە لەبواری جوگرافیای سیاسیدا. نێران کە جاران لەباکوورەوە تەنیا هاوسنور بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا، بەڵام پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و دروستبوونی چەندین کۆمار و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد لە (دیسەمبەری ١٩٩١) لەگەڵ چەندین وڵاتیتر لەناسیای ناوەڕاست و قەوقاز بووە دراوسێ، کۆماری تازە سەربەخۆی تورکمانستان لەباکوری ڕۆژهەڵاتی نێران و لەڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین و هەروەها کۆمارەکانی نازەربایجان و نەرمینیا و کۆماری خودمختاری نەجوان (لەناو پێکهاتەی کۆماری نازەربایجان) لەڕۆژئاوای دەریای قەزوین باکوری ڕۆژئاوای نێران بوونە هاوسنور.

دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و کۆتایهاتنی جەنگی سارد و نەمانی یەیانی وارشۆ، گۆڕانکاری لەسیاسەتی نێودەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی نەمەریکا سەبارەت بە نێران ڕوویدا، کە دوای بچڕانی پەیوەندی نێران لەگەڵ نەو وڵاتە لەنەنجامی ڕوودانی شۆڕشی نیسلامی لەنێران و هاتنەدەرەوەی نێران لە (یەیانی سنتو) لەسالی (١٩٧٩) و دواتر هەڵوەشانەوەی نەم یەیاننامەیە (وەک بالی ڕۆژهەڵاتی یەیانی ناتۆ). دوای بچڕانی پەیوەندی نێران لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی نەمەریکا و داگیرکردنی سەفارەتەکەی لەلایەن خوێندکارانی بالی نیمامەوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی نەمەریکا لەهەوڵی گۆشەگیرکردنی نێراندا بوو لەڕێگای پەیرەوکردنی ستراتیجی جڵەوگیری دوولایەنەوە. جەنگی سەپێنراوی

Preview sample - page 7 of 13 - Soran University Academic Digital Library

عیراق بەسەر نێران و بەردەوامبوونی بۆ ماوەی هەشت ساڵ، بەکێك بوو لەو رێگایانەی کە بووەهۆی لاوازکردنی زێرخانی ئابووری و سەربازی هەردوو ولات لەناوچەکەدا.

هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و دامەزراندنی کۆمارە سەربەخۆکان، کاریگەری لەسەر نەخشە ستراتیجیەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی (لەوانە تورکیا) هەبوو، وردەوردە ئارەزووی ئەو کۆمارانەی لەژێر ئەزموونی مۆسکۆدا بوون بەرەو رۆژئاوا دەچوون. دوایی ئەم کۆمارانە لەمۆسکۆوە بووەهۆی کرانەوەیان بەرەو رۆژئاوا، هەروەها بارمتەبەر بوو بۆ ئەوەی ئەمەریکا و پەیمانی ناتۆ جێپێی خۆیان قایم بکەن، لەرێگای باشکردنی بارى ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم کۆمارانە لەناوچەکە ئفوز پەیدابکەن.

ئەگەرچی لەسەرەتای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت کۆمەڵێك بە ئاوای (کۆمەڵەی ولاتە سەربەخۆ بەرژەوەندە هاوبەشەکان) دامەزرا، کە لەهەموو کۆمارەکانی ئاو یەکێتی سۆڤێت (جگە لەکۆمارەکانی بەڵتیك) پێکهاتبوو. بەڵام ڕەوتی بارودۆخەکە لەماوەی ساڵانی دواییدا پیشانیدا کە ئەم کۆمەڵەیە نەیتوانیوە لەرەوتی چارەسەری ناکۆکیەکان و بەدیهێنانی زەمینەیەکی ئەمنی و ئابووری بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. لەبەرئەوە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەرۆژئاوا بەتایبەت ئەندامانی پەیمانی ناتۆ، لەهەوڵدان بۆ زیاد کردن و فراوانکردنی ئفوزی خۆیان لەناسیای ناوەراست و قەفقاز، لەڕێی هاوکاری بەکێك لە هاوپەیمانەکانی خۆیان (تورکیا) کە کەوتۆتە ناکۆری ڕۆژئاوای نێران و ناشووری قەفقازەوە. ئفوزی خۆی لەناکۆری نێران بەتایبەت لەقەفقاز زیاد کردووە دوای نێبەرێنی زیاتر لە (۷) ساڵ، نۆتە هۆی کەمکردنەوەی نامادەیی و ئفوزی نێران لەهاوکێشە سیاسی ـ ئابوورییەکانی ئەم کۆمارانەدا.

پەیمانی ناتۆ بەو ڕێبارەی کەدای بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵات بەتایبەت لەقەفقاز، نەك تەنیا مەمەتی هێمۆنی ڕووسیا لەسنووری ناشوور ڕۆژئاوا بوو، بەڵکو لەهەمانکاتدا مەمەتی هێمۆکردن و گەمارۆدانی نێران لەناکۆری ڕۆژئاواوە و ڕێگرتن لەنێران بۆ گەیشتن بە قەوقاز و ڕووسیا. دامەزراندنی دەریای قەزوین بەپێی ئەنجام و ڕێکەوتنی بووەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئاوی نێوان نێران و ڕووسیا بپچڕێت و لەچوارچێوەی ولاتانی کەناری دەریای قەزوین ڕێکبخرێت. لەکاتێکدا ڕووسیا و نێران پێویستیان بە هاوکاری و پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەیە. بەڵام نێران لەلای ناکۆرەوە گەمارۆدراوە لەلایەن دراوسێکانیەوە کە زیاتر بەرژەوەندیەکانیان نزیك بوو لەگەڵ ڕۆژئاوا بەتایبەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەندامانی پەیمانی ناتۆ و بەتایبەتیش تورکیا ولاتانێکی ناوچەکە کە دوژمنە لەگەڵ نێران وەك ئیسرائیل دەبینرەوە.

ئەمڕۆ نێران بە لەدەستدانی پێگەی شارستانی خۆی لەناوچەکانی قەفقاز و ناسیای ناوەراست، لەگەڵ دۆزمنایەتیکدا ڕووبەڕووە کە نۆتەهۆی لاوازکردنی نامادەیی نێران و ڕووسیا و بەهێزکردنی ناتۆ و

Preview sample - page 8 of 13 - Soran University Academic Digital Library

ئیسرائیل، کە لەسەر سنووری (٢) هەزارکیلۆمەتری بۆتە هەرەشە بۆ سەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێران، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندی دەرەوەی ئەم وڵاتانە ڕێکدەخەن ئەك سەرکردەکانیان. (ڕەوتی کاروبارەکان لەم ساڵانەی دواییدا سەبارەت بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان ڕاست و دروستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت).

ئێران ئێستا لەهەرسێ ناوچەی قەفقاز (جگە لە ئەرمینیا لەم ساتەدا) و ناسیای ناوەڕاست (جگە لەتاجیکستان کە هاوسنور نییە) و دەریای قەزوین، کە سێ ناوەندی گرنگی جیوپۆلەتیکی و پەیوەندین، لەکاتێکدا لەدەستدانی نفوزی خۆی لەم ناوچانە، کە جاران ناوچەی نفوزی خۆی بووە لەزۆر ڕووەوە لەدەستی داوە و لەقۆناغی گەرانەوەیە بۆ ناستی پەیوەندی ئابووری لەقۆناغی جەنگی ساردا.

لەڕۆژهەڵاتەوە، ئێران هاوسنورە لەگەڵ ئەفغانستان و پاکستان کە هەر دووکیان سەرچاوەی کێشە بوون بۆ ئێران لەڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، لەئەفغانستان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بارمەتی هاوپەیمانە هەرێمییەکەی (پاکستان)، تاڵیبانیان هێنایە سەرحکم و لەپەکەمین قۆناغی سەرکەوتنیان لەساڵی (١٩٩٧) پەیوەندی ڕۆژئاوای ئەفغانستان، واتە ناوچەی هرات کە بەشێکبووە لەقەڵەوی شارستانی و فەرهەنگی ئێران لەگەڵ ئێران پچڕاند و لەئەنجامدا پەیوەندی شیعەکان و تاجیکەکانی ئەفغانستان لەگەڵ ئێران پچڕا. لەساڵی (١٩٩٨) و داگیرکردنی مەزاری شەریف سەنتەری خەباتی حکومەتی ئیسلامی ئەفغانستان، دوا سەنگەری بەرگری شیعە و هەوادارانی ئێران لەڕۆژئاوای ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبانەوە داگیرکرا، کە ژمارەیەکی زۆر لەشیعەکانی تێدا کوژران و کۆنسوڵخانەی ئێران لەم شارەدا وێران کرا و هەشت کەسی دیپلۆمات و بەباشترینکی ئێران بە درندانەترین شێوە کوژران. تووڕەی خەڵکی ئێران و کۆمەڵگای جیهانی، ئێرانی تا ناستی هێرشی سەربازی دژی ئەفغانستان هاندا و کۆبوونەوەی هێزی سەربازی سەد هەزار کەسی ئێران بە درێژی سنور لەگەڵ ئەفغانستان لەساڵی (١٩٩٨) هەردوو وڵاتی دراوسێی گەیاندە ناستی مەترسی پێکدادانی سەربازی و هەڵگیرساندنی جەنگ.

سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی لەدەیەی ڕابردوودا ناوەندی ڕوبەڕوو بوونەوەی باندی مادەسڕکەرەکان بووە کە ئەفغانەکان بەرهەمیاندەهێنا و لەڕێگای ئێرانەوە بەرەو ئەورووپایان دەبرد. هەڵوەشاندنەوەی بەکێتی سۆڤێت و دەرچونی سوپای سوور لەئەفغانستان و ڕوخانی حکومەتی سۆسیالستی دکتۆر نەجیب اللە لەئەفغانستان لەساڵی (١٩٩٢) بووە هۆی سەرهەڵدانی تیرۆر و دڕندایەتی و جەنگی ناوخۆ و بەرهەمهێنانی مادەی سڕکەر لەئەفغانستان کە ناسایشی ئێران و وڵاتانی ناوچەکەی خستبووە مەترسیەوە.

بەمجۆرە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەماکور و ڕۆژهەڵات کێشەی بۆ جوگرافیای سیاسی ئێران دروست دەکرد، کە دەرچون لێی پێویستی بە وردەکاری و کات و مشانەسازی هەبە.

Preview sample - page 9 of 13 - Soran University Academic Digital Library

لەڕۆژئاواوە نێران هاوسنورە لەگەڵ عێراق و تورکیا، خاکی عێراق کە دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی لەدەیەی دووەمی سەدەی بیست، لەژێر نێنتدابی بەریتانیای گەورەدا بوو، تا لەسالی (١٩٤٥) هاتەدەرەوە، کێشە سنوریەکانی نێوان نێران و عوسمانی بە میرات بۆ ئەم وڵاتە مایەوە و بووە بەڵگە بۆ بەشەرهاتنی لەگەڵ نێراندا، لەئەنجامدا عێراق دوای کەمتر لەدوو سال لەسەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی هێرشی کردە سەر نێران و جەنگی خوێناوی لەنێوان ئەم دوو وڵاتە دراوسێیەدا بەرپابوو، بۆ ماوەی هەشت سال درێژەی کێشا.

سنووری نێوان نێران و عێراق (١٦٠٩)کم درێژە کە لەڕووی جوگرافیا سیاسیەوە بە یەکێك لەماڵەبارترین حاڵەتی هێڵی سنووری دادەنرێت، ناکۆکی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ زیاد دەکات، ئەم سنورە تایبەتمەندی زۆری هەیە، کە بۆتەهۆی دروستبوونی گرژی و ناڕۆزی لەنێوان هەردوو وڵاتی دراوسێدا.

دوای تێکشکانی عێراق لەئەنجامی داگیرکردنی کوێت لەسالی (١٩٩١) ڕاستەوخۆ لەوکاتەدا کە هاوپەیمانە سەربازیەکەی (بەکێتی سۆڤێت) لەحاڵەتی هەڵوەشاندنەوەدا بوو، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەڕۆژئاوا ئەو توانایەیان بەدەستهێنا کە خواستەکانی خۆیان لەچوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەتەوە یەکگرتووەکاندا بڕیارنامەیەك پەسەند بکەن بۆ هێرشکردنە سەر عێراق و ئەو وڵاتەش ڕووبەڕوی گەمارۆی ئابووری و سەربازی بکەنەوە کەتا ئەمڕۆ بەردەوامە (مەبەستی ئەوکاتەی کتێبەکەی تێدانوسراوە واتە ٢٠٠٢ وەرگێڕ). وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بە جێگیرکردنی دوو هەرێمی دژە فڕین لەباکور و باشووری عێراق، تەنیا سێبەکی ئاسمانی عێراقیان لەدەسەڵاتی حکومەتی ئەو وڵاتەدا هێشتەوە. لەناوچەی دژە فڕین تەنیا فڕۆکەی سەربازی ئەمەریکا و بەریتانیا دەیانتوانی بفڕن. دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین، بووە هۆی ئەمانی دەسەڵات حکومەتی عێراق لەباکور و باشووری ئەو وڵاتە. لاوازی و ئەمانی حکومەتی ناوەندی عێراق لەباکور ئەو هەلەی بۆ کوردەکان ڕەخساند، کە دەسەڵاتی خۆیان لەڕێگای پارمەتی ئەمەریکا و تورکیاوە[1] بەردەوامی پێببەخشن. لەم ماوەیەدا تورکیا بەدوای ئەماعی خۆی بە بیانوی ڕاونانی (پ.ک.ک)ەوە چەندین جار لەشکرکێشی بۆناو خاکی عێراق (کوردستانی عێراق ـ وەرگێڕ) کردووە، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناڕازی دەربڕیوە لەمبارەیەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی حکومەتی سەدام و دانانی حکومەتێك لەعێراق لەژێر نفوزیی خۆیدا، کاری گەمارۆدانی وڵاتی نێران لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوردەوە تەواو دەبێت. لەمڕۆدا هۆیانە عێراق سەرچاوەی زۆری بۆ نێران دروستکردووە کە سەد هەزار قوربانی و سێسەدهەزار کەم ئەندامی بۆ نێران بەجێهێشتووە و زەرەری گەورەی بەژێرخانی ئابووری نێران گەیاندووە، بەڵام لەڕووی

---

[1] کۆمەکاری دەسەڵاتی خۆیان لەڕێگای پارمەتی تورکیاوە بەردەوامی پێشەوا مەبەستیەتی دەوڵەت و حکومەتی تورکیا هەمیشە بەئاشکرا و بەهێزی ڕاگەیاندنی ئەو دەسەڵاتە کۆمەکی بەسەچە سەربەخۆیە کاردەکات. وەرگێڕ

ناسایشی نەتەوەییەوە بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێران لەم ساتەدا دەتوانێت لاوازی جیۆستراتیجی ئێران لەستراتیجی جڵەوکردنی چەند لایەنە تاناستێك وەلانێت و قۆڵایی ستراتیجی ئێران تاناستێك فراوان بکات. هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەهەوڵی ڕوخاندنی حکومەتی سەدام حسێندایە بەڵام ئەو تانێستا توانیویەتی کاری خۆی لەناوچەکە ئەنجامدات و لەڕێگای ئەو هەوڵانەوە واچاوەڕوان دەکرێت لەئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری بەرچاو ڕووبات، چونکە ڕێگای جیاواز بۆ گۆڕینی ڕژێم لەعێراق هەیە و سەرنگونکردنی سەدام حسێن دابەشکردنی دەسەڵات لەعێراقدا بەدوای خۆیدا دێنێت، کە لەو کاتەدا کوردەکان و شیعەکان[1] و عەرەبەکان کە هەریەکەیان بۆخۆیان داوای دەسەڵاتی زیاتر دەکەن. تورکیا، ئێران و سوریا بەهۆی بوونی کورد لەوڵاتەکەیاندا لەکاتی دروستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆی ژۆرینەی کورد ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبنەوە. کوردەکانی تورکیا کە دانیشتوانەکەی نزیکە (٢٠) ملیۆن کەس دەبێت و داوای سەربەخۆیی دەکەن خاکی تورکیا دەخەنە بەر هەڕەشە. لەبەر ئەم هۆیە تورکیا داوای مانەوەی خاکی عێراق دەکات بەیەکپارچەیی، لەگەڵ ئەوەی ئەیاری حکومەتەکەی سەدامیشە. تورکیا لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دروست بوونی دەوڵەتی کۆماری تورکیا لەساڵی (١٩٢٤) ناڕازی بوو لەپێدانی کەرکوك و موسڵ بە عێراق (تەنیا کەرکوك و موسڵ نەبوو بەڵکو وڵایەتی موسڵ کە دەکاتە هەرێمی کوردستان ـ وەرگێڕ). بۆ ئەم مەبەستە پەرلەمانی تورکیا هەموو ساڵێك لەبووجەی وڵاتەکەیدا بودجەیەکی ڕەمزی بۆ ئەم وێلایەتەی تەرخان دەکات، بۆیە زۆرکەس پێی وابە هێرشەکانی ئەم ساڵانەی دوایی بۆ باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان ـ وەرگێڕ) دەیەوێت ئەو ناوچانە بخاتەوە سەر خاکی خۆی. لەم لایەنەوە نیسرانیل یارمەتی ناشکرای لەبواری زانیاری و چەك بە تورکیا بەخشیوە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پارێزگاری لەم ڕفتارەی تورکیا دەکات.

ئەبوونی دەسەڵاتی ناوەند لەناوچە کوردنشینەکانی باکور، بۆتەهۆی بەهێزبوونی ڕەوتی جیابوونەوەی کوردە جوداخوازەکان و نامادەیی هێزی سەربازی تورکیا لەم ناوچەیە بە بیانوی سەرکوتکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان لەباکووری عێراق. هەرلەم بارودۆخەدا پەیمانی هاریکاری سەربازی لەنێوان تورکیا و نیسرائیل واژۆکرا بە مەبەستی جڵەوکردنی ئێران و لاوازکردنی عێراق.

لەباکووری ڕۆژئاوای ئێران، تورکیا چەندینجار بە بیانووی گەڕان بەدوای بەرهەڵستکارانی نەتەوەدا ناحەقی ئێرانی بەزاندووە و ناوچەی سنووری و قەڵەمڕەوی ئێرانی بۆردومان کردووە و سنورەکانی ئێران لەگەڵ تورکیا و عێراق کەوتۆتە بەر هەڕەشە. سەرەڕای ئەوە ئەگەر ڕۆژە کە تورکیا لەهەوڵی جێبەجێکردنی

---

[1] بونەبر شیعەی وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ ناوەبات لەکاتێکدا شیعە مەزهەبە نەك نەتەوە، ئەوانیش هەر سەر بەنەتەوەی هەرەمی عێراقن کە ئەم بۆچوونەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیۆلۆجی سیاسی حکومەتی ئیسلامی ئێران و ئەو جیاوازیە فۆڵی لەنێوان سوننە و شیعەی عێراقدا هەیە کە وەك نووسەرەوەی جیاواز دەیڕوانە پەکتر. وەرگێڕ.

Preview sample - page 11 of 13 - Soran University Academic Digital Library

بەخشەی هراواهواری هۆیەدا بێت، بە پشتگیری ئەمەریکا و یارمەتی هونەری سەربازی ئیسرائیل. لەپارێزگاکانی موسڵ و کەرکوک کە کوردەکان لەبڵاڵ تورکمانەکانی عێراقدا دەژین، بەرواڵەت پشتیوانی لەتورکمانەکان دەکات بەڵام لەناخدا بۆ گەیشتنە بەمەرجاوەکانی نەوت.

بەشێوەی گشتی دەتوانرێ بڵێین ئاروەزخی سووری نێران لەرۆژهەڵات، باکور و ڕۆژئاواوە مەترسیدار و ئاڵۆزاوە، بۆ چاوەڕێکردنی ئەم سوورانە پێویستی بە بەرپرسێکی کارامە و سیاسەتێکی ئاوەژو و دوورەکی بەهێز و ڕاستی هەیە.

لەباشووروە، نێران لەگەڵ وڵاتانی باشووری کەنداوی فارسی هاوسنورە کە دوای شۆڕشی ئیسلامی نێران، تەنهوەتێکیان بەداوی (تەنهوەتی هاریکاری کەنداو) دامەزراند کە شەش وڵاتی کەنداو (کوێت، عەرەبستانی سعودی، بەحرین، قەتەر، ئیمارەتی عەرەبی یەکگرتوو و سەلتەنەتی عومان) تێیدا ئەندامن. ئامانج لەدامەزراندنی ئەم تەنهوەتە بەرەنگاری کردنی شۆڕشی ئیسلامی نێران و پارێزگاریکردن لەحکومەتی عێراق بوو لەماوەی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ نێراندا. پەیوەندی نێران لەگەڵ ئەم تەنهوەتە و هەموو وڵاتانی ئەندامی تەنهوەتەن بە درێژایی جەنگی نێران و عێراق بەئەواوی ئاڵۆز بووە، تانەوکاتەی لەساڵی (١٩٩١) عێراق هێرشی کردە سەر کوێت و لەبەرامبەردا نێران نارەزایەتی لەسەر ئەم داگیرکارییە پیشاندا و ژمارەیەک لەهاوڵاتیانی ئاوارەی کوێتی لەماوەی ئەو داگیرکارییەدا گرتەخۆی و پارانتی، هەروەها نێران بەشداریکرد لەکۆڕانەوەی بیرە نەوتەکانی کوێت کە لەلایەن عێراقەوە ئاگرێتێبەردرا، پەیوەندی ئەم تەنهوەتە لەگەڵ نێران باشبوو. دەستپێکی سەرۆکایەتی کۆماری محمد خاتەمی قۆناغێکی نوێی لەپەیوەندی نێران لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە دامەزراند. دوای بەستنی کۆنفرانسی سەرکەوتووی سەرانی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لەتاران لەساڵی (١٩٩٨) پەیوەندی نێران لەگەڵ وڵاتانی تەنهوەتی هاریکاری کەنداو باش بوو، بەشداریکردنیان لەسەر ئاستی باڵای سیاسی لەدانیشتنەکەدا پیشاندانی فۆرمێکی ڕێکوپێکی نوێی سیاسیە لەناوچەکەدا. لەم بوارەدا عەرەبستانی سعودی کاریگەری زۆر باشی هەبوو، دیداری شاهای خاتەمی سەرۆک کۆمار لەسعودیە و کوێت، لەساڵی (١٩٩٩) ئاسۆیەکی نوێ لەهاوکاری نێوان نێران و عەرەب سەریهەڵدا.

لەکەنداوی فارسی هەمەڵەی دورگەکانی نێران (تنب بچوک وگەورە و ئەبوموسا) کە لەلایەن ئیمارەتی عەرەبی داواەکرێت لەو هەمەڵانەیە کە ڕوبەڕووی نێران دەبێتەوە و ئەمەش بەهاڵبشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناوبەناو دەخرێتە ڕوو بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان نێران و عەرەبەکان، بەگشتی لەهەموو دانیشتنەکانی کۆمکاری عەرەبی و تەنهوەتی هاریکاری کەنداو خراوەتەڕوو بۆتە جێگای نیگەرانی عەرەبەکان لەنێران. لەکاتێکدا کە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد ئەم دورگانە گرنگی ستراتیجی خۆی لەنێوان نێران، عەرەب، ئیمارەتی عەرەبی و ئەمەریکا لەدەستداوە. خەتەڕووی

Preview sample - page 12 of 13 - Soran University Academic Digital Library

مەسەلەی پەیوەست بەو سێ دۆرگەیە تەنیا هەوڵێکی نەمەریکیە بۆ دروستکردنی بازاڕی چەکی خۆی لەناو وڵاتە عەرەبیەکاندا کە مەترسی بۆ ئیسلامیەکان و فراوان بوونی نفوزی ئێرانیان هەیە.

بەمەرجێدان لەگۆڕانکاریەکانی جیهان و بەجیهانیبوونی ئابووری و فراوانبوونی پێکهراوی هەرێمایەتی لەسەر بنەمای گواڵەی هاوسێیەتی و پێگرتن لەگرژی و دوژمنایەتی لەنێوان دراوسێکاندا، سەقامگیری ئابووری، فەرهەنگی و بازرگانی لەگەڵ عێراقدا دەتوانێت پارەمەتیدەرێت بۆ بەرەپێشدانی هەردوو وڵات. ئەم توێژینەوەیە لەپێناوی ئەوەدایە کە زانیاری فراوان و هەمەجۆر لەئاستی ئاوخۆیی، هەرێمی و جیهانی و کێشەکانی ئێران و عێراق و ستراتیجی هەرێمی و جیهانی لەقۆناغە جیاوازەکانی پێش و دوای جەنگی سارد بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەم توێژینەوەیە پێرەوێکی زانستی گرتۆتەبەر و گرنگترین شت لەم باسەدا تۆمارکردن لایەنی جیوپۆلەتیک و لایەنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەپەیوەندی لەگەڵ عێراقدا.

Preview sample - page 13 of 13 - Soran University Academic Digital Library